# حوکمی نووسینی ڕاپۆرتی مانگانە
# بۆ ئەو دەزگا بانگخوازیەی کاری لێ دەکەیت

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وفەتوادان لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە**


**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم المطالبة بالتقرير عن الأعمال الدعوية

« باللغة الكردية »

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی نووسینی ڕاپۆرتی مانگانە
# بۆ ئەو دەزگا بانگخوازیەی كاری لێ دەكەیت

**پرسیار:** دەزگایەك هەیە كە بانگخوازەكان لای خۆی دادەمەزرێنێت لەبواری بانگەوازكردن بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لەكۆتایی هەموو مانگێكیشەوە داوای ئەوەیان لێ دەكات كە دەبێت ڕاپۆرتێك بنووسن لەسەر ئەو كارە بانگخوازیانەی ئەنجامیان داوە، لە وانە ووتنەوە، وكۆڕگرتن، وموحاضرەدان، بۆ ئەوەی بەرزی بكەنەوە بۆ ئەو كەسەی كە خاوەن وەقفەیەكە وموچەكەیان دابین دەكات، جا بۆیە هەندێك لەو بانگخوازانە شتێك لەدەروونیاندا دروست بووە، واگومان دەبەن كە ئەم ڕاپۆرت نووسینە لە ئیخلاصیان كەم دەكاتەوە، وبەرەوە ڕیا و ڕوپامایی ڕایان دەكێشێت، پرسیارەكەی من لێرەدا ئەوەیە : ئایا كارێكی لەم شێوەیە دروستە ؟ مەبەستم داواكردنی نووسینی ڕاپۆرت لەو بانگخوازانە لەسەر كارەكانیان كارێكی

دروستە ؟ وە ئایا نووسینی ئەو ڕاپۆرتانە دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئیخلاص، یان کەمکردنەوەی ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، ودرود صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئەهل وبەیت وهاوەڵە بەرێزەکانی و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

داواکردنی نووسینی ڕاپۆرت لەسەر کاروباری مانگانەی ئەو دەزگا بانگخوازیە لەلایەن بەرێوەبەر وبەپرسەکانیەوە بۆ ئەوەی بیخەنە بەردەستی خاوەنی وەقفەکە وئەو خێرخوازەی کە مووچە ومەصروفاتی دەزگاکە دابین دەکات، بەهیچ شێوەیەك نابێتە دروستکردنی خەلەل لە ئیخلاص ودڵسۆزی ئەو بانگخواز و داعیانەدا، ئەگەر هاتوو مەبەستی ئەو بانگخواز وداعیانە لەنووسینی ئەو ڕاپۆرتانە دەرخستنی ئەستۆپاکی ( إبراء الذمة) ی خۆیان بێت، بۆ ئەوەی لایەنی

بەرپرس بیخاتە بەردەم خاوەن وەقفەکە، تاوەکو ئەویش دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو پارە وپوڵەی کە دەیدات بەو دەزگاخێرخوازیە لەجێگای خۆیدا خەرج کراوە ودراوە بە بانگخوازەکان .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کارێکی لەو شێوەیە ڕێکخستن وبەرێوەبردنێکی ڕێکوپێکی وادەخوازێت کە دەبێت بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتر لەپێناو بەرهەمی باشتر وکاری چاکتر، وپێشبڕکێ لەنێوان بانگخوازەکاندا لەسەر کاری چاکە وزیاتر هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بەرگی ٢٣ / لاپەڕە ٤١٠، فەتوای ژمارە ( 18858 ) .